# کاک ئەدهەم، پشتیوانیتان ناکەم و دژایەتیشتان دەکەم




ئەمڕۆ ئەو نوسینەی کاک ئەدهەمم لە فەیس بوکەکەی خۆیدا خوێندەوەو خۆم بۆ رانەگیرا کە بیرو بۆچونی خۆمی بۆ دەربیرم.

کاک ئەدهەم، لەکوردەواری قسەیەک هەیەو دەڵێ: رەمەزانت بە حاڵێکی خۆش گرت، نۆرەی شەشەکانە، بیست ساڵ دەوڵەتی نا دەوڵەتتان باش بەرێوە برد نۆبەی دەوڵەتی سەربەخۆیە.

هەر چەندە لە ١٩٦٦ وە نیوەی کورد بەچاوێکی تاریک تەماشام دەکات چونکە چەند ساڵێک بەشداری شۆرشی بارزانیم کردووەو لەبارزانیەکانەوە نزیک بووم، بەڵام بارزانیەکان زۆر بێ وەفا بوون لەگەڵ من، مەلامستەفای بارزانی دوای شەڕی دۆڵی شەهیدان کە لەژێر سەرپەرشتی من و عومەراغای دۆلەمەری دا بەرێوە چوو و سەرکەوتنێکی باشمان بەدەست هێنا، لەبەر دەمی دەیان کەسایەتی شۆرشی ئەیلول دا کە ئێستاش هەندێکیان لەژیان دا ماون، وەک بەهجەت تورکەی کەرکوکی، بە کاک ئیدریس و بە کاک مەسعودی گوت نابێ کوری کوری ئێوەش سەرداری لەبیر بچێتەوە.

بەڵام داخەکەم، ئەوان نەک تەنها منیان لەبیر کرد، بگرە کارشکێنیشی، بێوەفایی و ناراستگۆیانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردم، ئەوە هەموی بەجێگای خۆی و من هەڵسوکەوتی خۆم پاراست و وەک ئەوان نەجولامەوە، مام جەلال لەبەهاری ١٩٩٢ دا لەبەردەم شەش ماۆستای زانکۆ و دوانزە ئەندازیار وتی دوو ملوێن دۆلارت دەدەمێ وەرە بارێک بکەوین بۆ

دەستکاری نەوتەکە، من نەمویست کاک مەسعود بفرۆشم و دواکەی مام جەلالم رەتکردەوە، بەڵام کاک مەسعود کە کات و ساتی خۆی هات، منی فرۆشت، پەیمانەکەی خۆی شکاندو لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ئێستا پشتی کردۆتە من، لەگەڵ دزو موفتەخۆرەکانی دەوروبەری ئاڵکۆڵی گەندەڵی دەخۆنەوەو باس لە کورد بوون و کوردایەتیش دەکەن.

ئێستا لەکاک ئەدهەم بارزانی دەپرسم، ئەو سەرۆکەی کە تۆ باسی دەکەی کە دەیەوێ بڕیاری چارەنوسی کورد بدات، تەنها لەلایەن برینداڕێکی پڕ ئازری وەک منەوە ئەو رەخنانەی لەسەرە، بێجگە لە رەخنەی نیوەی کورد:

١ – کاک مەسعود قسەی باوکی خۆی پێشێل کردوەو بێوەفایی بەرانبەر بە من کردوە.

٢ – پەیمانی دا لە پرۆژەی نەوتی کوردستان دا پشتگیریم بکات، بەڵام پەیمانەکەی خۆی نەبردەسەرو پشتگیری کاک نێچیری کرد بۆ دزینی پرۆژەکەی من و دەیان هەزار ملوێن دۆلاری پێ پەیدا کردو کەسیش نازانێ پارەکە لەکوێیە.

٣ – دەسگای پاراستنەکەی کاک مەسعود بارزانی هەندێ کرداری وا ناڕەوای لەگەڵ من کردوە کە بۆ ئەوە نابێ بیخەمە سەر کاغەزو ئەگەر ئەوە بەرانبەر بەتۆ بکرابایە خوێنی دەیان کەست لەسەر دەرشت.

٤ – کاک ئەدهەم، ئەو رۆژەی من خوێنم بەدارو بەردی کوردستان دا دەڕژا، کاک ئیدریس و کاک مەسعود نرخی خوێنەکەی منیان لەساواکی ئێران وەردەگرت و دەیاندا بە نوقڵ و پسکیتی مینۆ بۆ نێچیرو مەسرور و کورەکانی تۆ، ئێمەش لەو شاخ و داخە نان نەبوو بیخۆین.

٥ – کاک ئەدهەم، ئەو رۆژانەی کورەکانی من و سێبەشی کوردستان کرێکاریان دەکرد بۆ بەخێو کردنی کەسوکاریان و تەواو کردنی خوێندن، کورەکانی ئێوە جوانترین ئۆتومبیلیان لێ دەخوری و یاریان بە بەستە دۆلای خوێنی ئەو کوردە هەژارە دەکرد.

٦ – بیست ساڵە دانم بەخۆم داگرتوە بۆ ئەوەی توشی خوێن رێژی نەبم، ئێوەش پێتان وایە سەردار پشدەری پیرو ترسەنۆک بووەو بۆ ئەوە نابێ حساب لەسەر قسەکانی بکەین، نا کاکی خۆم جیاوازی لەنێوان من ئێوەدا سێ شتە: راستگۆیی، کوردپەروەی و سەربەرزی، ئێمە ژیانمان بەراستگۆیی هێناوەتە سەر، سەرمان بۆ هیچ داگیرکەرێک و لایەنێک شۆر نەکردوە، لەپاکی و کورد پەروەریشدا ئامادەین کە نەتەوەکەمان لەبێژینگمان بدات.

٧ – با لە کێشەی شەخسی بێینەدەر و باس لە کێشە نەتەوەیەکە بکەین، لەبەر خاتری نەتەوەکەم بۆ ئەوەی نەبینە گاڵتەچی عەرەب و تورک و فارس، پێم خۆش نیە وەک ئۆمەر پاشای قەلەرەشەی پورزای باوکی منتان لێبێت، کە ١٠٠ گوند دا لەناوچەی سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان، پاشایەتی راگەیاند، تەنها بۆ ئەوەی پێی بڵێن پاشا، کە لێشی قەوما، خۆتان ئاسایی، خەڵکەکەی لەژێر لولە تفەنگی عەجەمەکان دا بەجێ هێشت و یەک فیشەکی نەتەقاند بەپەلەپروزە رایکردە دیوی عێراق.

پێم خۆش نیە ئێوەش تەنها لەبەر ئەوەی بڵێن ئێمە دەوڵەتی کوردیمان راگەیاند، کورد بکەنە گاڵتەچی عەرەب و تورک و فارس، بە قسەی هەندێ نەزانی سیاسی ماڵی خۆشتان و کوردیش وێران بکەن، دەبێ کەسێک دەوڵەتی کوردی رابگەیەنێ کە پاک و خاوێن خۆشەویست بێ لەناو کۆمەڵگای کوردەواری و نێونەتەوەی، ئێوە خۆتان باش دەزانن کە دوژمنایەتیەکی زۆرتان هەیە لەناو کوردواریداو هیچ دوژمنێکیشتان دەنگتان بۆ نادات.

گەندەڵیەکەی ئەو حەوت ساڵی رابردووش بۆتە خروێلکە بەدەموچاوی هەموو لایەکتانەوە، من پێم وایە کە ئێوە بەو بیست ساڵە حوکمڕانیەو ئەو هەمو دەنگدان و پارەی قاچاخچیەتی نەوت کە بەدەستانەوەیە، نەتان توانیوە پشتیوانی سیاسی نێونەتەوەیی بەدەست بهێنن، خۆ ئەگەر بازرگانێکی جولەکە یان ئەندام پەرلەمانێکی ئەوروپی بێخەبەر کە خەریکی پارە کێشانەوەیە لێتان، پێتان بڵێ دەوڵەت رابگەیەنن، ئەوا پێم وایە وەک ئەوە وایە کە مامانێک لەجیاتی ک. . . کۆرپەکە ناوکی ببڕێ.

خۆ ئەگەر ئیران و تورکیاو سوریاش هانتان بدەن بۆ ئەو راگەیاندنە، لەلایەک ئەوان جێگای باوڕ ننین و لەلایەکیش ئەگەر بەراستیشیان بێت، تەنها بۆ پوچ کردنەوەی پرۆژەی رۆژئاوایە کە دەیانەوێ کوردستانی گەورە دروست بکەن.

من لە ساڵی ١٩٩٢ بە ئاگادری مامۆستایەکی زانکۆ و ئەندام پەرلەمانێک و چوار ئەندازیار، بە کاک فواد مەعسومم گوت، ناسینی دەوڵەتەکەتان پەیوەندە بە پشتیوانی لە پرۆژەکانی ئێمە، ئەگەر کاک فواد ئەو قسەیەی نەگەیاندبێتە کاک مەسعودو مام جەلال، وابزانم خیانەتی لە ئێوە کردوە، من بیست ساڵە هاوار دەکەم کە ئێوە بەبێ من هیچتان پێ نارێت و ناتوانن بەشێوەیەکی یاسایی نێو نەتەوەیی دەستکاری کوردستان بکەن، ئەگەر دەستکاریشی بکەن ئەوا زیاتر ماڵی خۆتانی پێ وێران دەکەن، خەڵکی سیاسی سیاسەت دەکات بۆ سەرکەوتن،

بەڵام ئێــوە سیاســـەت دەکەن بــۆ کـــات بەســـەر بـــردن و بـــاخەڵ پڕکـــردن، ئەنجـــامی ئەو سیاسەتمەدارانەش لە حوسنی موبارک و قازافی باشتر نابێت.

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو نوسینەم بکەن و لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆشـتاندا بـڵاوی بکەنەوە، ئەگەر بڵاوی نەکەنەوە، وەک ئەو تەیرە دەچن کە لەترسان ســەر دەنێـتە نـاو ئەرزو پێـی وایە کە خۆی دوژمنەکەی نەدی، دوژمنەکەی ئەو نابینێ.

سەردار پشدەری

لەندەن ٣ – ٣ –